کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-6-2007 19:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## توندوتیژی بەرامبەر ژنان ... شوان کۆژە

هۆی پەرسەندنی
پیرۆز ڕاگرتنی مانای شەرف لای کۆمەڵگا کە دین سەبەبی یەکەمی چەسپاندنێتی ڕێزگرتنی چواردەور لە تاوان بار کە مەسەلەی شەرف بەکاردێنێت. پاڵپشتی کردنی لەلایەن یاساوە کە لەسەر بنەماکانی دین دارێژراوە. نەبوونی لێپرسینەوەیەکی مەحکەم کە تاوانبار بە هەقی تەواوەتی خۆی بگات کە ئەمەش بەڵگەیەکە لەکوردوستان بە مانای حکومەت و یاسانیە، بەڵکو حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی وئەندام گیریە. پێش نەکەوتنی ئاقلی کۆمەڵگا لەبوارەکانی کۆمەڵایەتیەوە.

ڕێکخراوەکان
ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکان دروست بوونیان بەداخوازی پەرژەوەندی یەکانی حیزب دروست بوون و جیاکردنەوەی ژنانی حیزبی لە پیاوان لەکاری گرنگی حیزبایەتیدا نەک بۆ پەرژەوەندییکانی راستەقینەی ژنان.
ڕێکخراوە مەدەنی یەکان کەمن وە لەئەنجامی ململانەی سیاسی دروست بوون وزیاتر لە بواری رامیاریدا سەرقاڵن زۆرتر وەک لە بواری کۆمەڵایەتیدا و نەبوونی دیموکراتێتێکی راستەقینە لە کوردوستان لەبەرئەوە گەرراستیش بن گوێیان لێ ناگیرێت.

ڕووناکبیران
ئەوانەی دلسۆزن بۆپێشخستنی بوارەکانی کۆمەڵایەتی وهۆشیارکردنەوی کۆمەڵگا بە پەنجەکانی دەست دەژمێرێن، زۆربەیان لە هەولی نووسینی ڕاپۆرتی سیاسین بۆ حیزبەکانیان، گەر وەزیری رۆشنبیری بە پێ ی پەرژەوەندی یەکان پارتەکەی بروات بەرێوە وسرف پارتەکەیشی عەشایری بێت، هەرنایەڵن کچ لەدایک ببێت.

پێشنیار
گۆرینی یاساکانی دادگا کەلەسەر بنەمای دین و عەشایری و باوک سالاری نەبێت. سزادانی تاوان باران زۆر بەتووندی ودەست گیرکردنی دەست بەجێ تێکلاوکردنی قوتابیانی کچ وکوڕ شیکردنەوەی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی بۆیان. کردنی کۆروسیمینار لە گەرەکەکاندا وشیکرنەوەی ئەوبابەتانەی کە هاولاتی بیئاگایە لێی.
بەدەنگەوە چوونی خێرا لە ئاگادارکردنی هەبوونی توندوتیژی وبەخشیش کردنی کەسەکە.

miran_333@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.